المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# شەڕی ئاوباریک لەنێوان شیعرو مێژوودا

پ .د. فەرهاد قادر کەریم
زانکۆی گەرمیان
farhad.qadir@garmian.edu.krd

بەشی یەکەم : شیعرو مێژوو و بەسەرهاتی شەڕی ئاوباریك

پێشەکی:

پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو بەگشتی و ئەدەب و شیعر بەتایبەتی ، پەیوەندییەکی تەواوکاری لەمێژینەی مشتومڕاوییە ، بەوپێیەی کرۆکی هەردوو بوارەکە باسکردنە لە بوون و ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی و ئەو رووداو و پێشهاتانەی لە دەوروبەریدا روودەدەن .

ئەم دوو کایە رۆشنبیرییە ( شیعرو مێژوو ) لەدێر زەمانەوە سوودیان لەیەکتر وەرگرتووەو یەکتریان دەوڵەمەند کردووە ، بە چەشنێک لەلایەکەوە شیعر ئامرازی گێڕانەوەی ڕووداو و چیرۆکگەلێکی ژیان بووە ، لەلایەکی تریشەوە گەلێ دەقی ئەدەبی بەسوودوەرگرتن لەڕووداوە مێژووییەکان باڵایان کردووە و بوونەتە شاکاری ئەدەبی گەورە .

سەرهەڵدانی زاراوەکانی وەک ( رۆمانی مێژوویی ، میتۆدی رەخنەی مێژوویی ، داستان و جۆرەکانی ) ، زادەی ئەو پەیوەندییە تەواوکارییەن ، لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەدا ئەم توێژینەوەیەمان بەناونیشانی (شەڕی ئاوباریک لەنێوان شیعرو مێژوودا ) ئەنجامداوە.

**الملخص:**

فإن العلاقة بين الأدب والتأريخ عموماً، والأدب والشعر خصوصاًعلاقة متممة تأريخية وجدلية، لأن بؤرة الجانبين التحدث عن الوجود والحياة البشرية ومجتمعها ، إضافة إلى الأحداث والتطورات التي تحدث بجوارها، إن هذين الفضاءين الثقافية (الشعر والتأريخ) منذ القدم استفاد وأغنى أحدهما الآخر، ويكمن ذلك جليا في أن الشعر وسيلة لسرد الأحداث ومجموعة قصص حياتية من جهة، ومن جهة أخرى فهناك مجموعة من النصوص الأدبية استندت على الأحداث التأريخية، بفضلها أصبحت طرائف أدبية نادرة. وإن بروز مصطلحات أمثال: الرواية التأريخية، المناهج النقدية التأريخية، الملحمات وأضربها، نتاج لتلك العلاقة التكاملية، فعلى ضوء هذه الحقيقة أجرينا هذا البحث المعنون ب (معركة آوباريك بين الشعرو التأريخ). أما هيكل البحث فمكون من فصلين، في الفصل الأول: تحدثنا عن الشعر والتاريخ و أحداث معركة آوباريك ، وهذا الفصل مقسم على مبحثين، فخصص المبحث الأول للحديث عن العلاقة بين الشعر والتأريخ، وفي المبحث الثاني تكلمنا على معركة آوباريك أسبابها ونتائجها. كما تحدثنا في الفصل الثاني عن معركة آوباريك في نظر حمدي، معتمدين على المنهج النقدي التأريخي، فقمنا بقراءة وتحليل نظرة محوي ساحيبقران الشعرية التي كتبها وسماها (معركة آوباريك)، وقد ركزنا على كيفية معاملة الشاعر بأسباب هذه المعركة ونتائجها، كما أبرزنا الجوانب الإبداعية ، وتجسد المقتضيات الشعرية ورغبات الشاعر في هذه النصوص، مما حدى بالشاعر أن يتعامل مع الأحداث والأشخاص فيها حسب الضرورة والاحتمال.

Abstract

The relationship between literature and history, in general, and history and poetry, in particular, has long been controversial, since the essence of both fields is to discuss the existence and life of man and his society, and the events and developments that take place around him. These two intellectual fields, poetry and history, have benefited and enriched each other since ancient times. On the one hand, poetry has been a means of telling life stories. On the other hand, many literary works have become masterpieces by drawing on historical events. The emergence of terms such as historical novel, historical criticism, and legend, and their types, is the result of this complementary relationship. In light of this, this research has been conducted in two parts, titled "The Battle of Awbarick in Poetry and History." The first part, entitled ‘Poetry, History, and the Battle Event of Awbarik’, is divided into two sections. The first section discusses the relationship between poetry and history,and the second section discusses the Battle of Awbaik, its causes and consequences. The second part of the research, entitled ‘Battle of Awbarik in Hamdi's Poem’, is based on the method of historical criticism, reading and analysis of Hamdi Sahebquran's poem ‘Battle of Awbarik’. It details how the poet addresses the context, causes, and consequences of the war, with the creative aspects of the poet's poetic needs and desires reflected in the text, leading the poet to address events and characters in accordance with their necessity and possibility.

پلانی توێژینەوە :

توێژینەوەكە بەسەر دوو بەشدا دابەش كراوە ، بەشی یەكەم بەناونیشانی ( شیعرو مێژوو و بەسەرهاتی شەڕی ئاوباریک) ە، كراوەتە دوو تەوەرەوە ، تەوەری یەكەم باس لە پەیوەندی نێوان شیعرو مێژوو دەكات و تەوەری دووەمیش بۆ باسكردنی شەڕی ئاوبایک ؛ هۆكارو ئەنجامەكانی تەرخانكراوە .

لە بەشی دووەمی توێژینەوەكە، كە ناونیشانی ( شەڕی ئاوباریک لە چامەكەی حەمدیدا )یە، بە وردی چۆنێتی و چەندێتی مامەڵەكردنی شاعیر لەگەڵ شەڕەكەو راستییە مێژووییەكان دیاریكراوە.

هۆی دەستنیشانكردنی ناونیشانی توێژینەوە :

كەمی توێژینەوە لەم بوارەو گرنگی شەڕی ئاوباریك لە مێژووی نوێی كوردو بەرزی چامە شیعرییەكەی حەمدی وەك دەقێكی شیعری پەیوەست بەو ڕووداوە، هۆكاری سەرەكی هەڵبژاردنی ئەم نانویشانە بوون .

میتۆدی توێژینەوە :

لە توێژینەوەكەدا پشت بەست بە میتۆدی رەخنەی مێژوویی كار لەسەر دەقەكە كراوە .

گریمانەی توێژینەوە:

گریمانە سەرەكی توێژینەوەكە بریتییە لەوەی حەمدی شاعیر تاچەند وەك كاراكتەرێكی هوشیارو شاعیرێكی نشتیمانپەروەری نزیك لە رووداوەكان و خودی شێخ مەحموود، لەم

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

چامەیەیدا توانیویەتی سەکۆی شیعریی باسکردن شەڕەکە بکاتە رووبەرێکی نوێی داهێنان وتوانا و پابەندبوونی خۆی وەك شاعیرێك دەربخات.

تەوەری یەکەم : پەیوەندی نێوان شیعرو مێژوو

ئەدەب و مێژوو دوو کایەی رۆشنبیری جیان، هەردووکیان بەرهەم و تۆماری ژیانی مرۆڤایەتین، هەروەك پەیوەندییەکی بەهێزیش لەنێوانیاندا هەیە، چونکە مرۆڤ و دەوروبەری هەوێنی باسکردنی ژیانی هەردووکیانە ، بە چەشنێك گەلێ جار دەقی ئەدەبی دەبێتە دەفری رووداو و کێشە کۆمەڵایەتییەکانو بەزمانێکی تایبەت رووداوەکان تۆمار دەکات، لەلایەکی تریشەوە ، "مێژوونووسان بۆ ماوەیەکی زۆر وەك لقێك لە لقەکانی ئەدەب مامەڵەیان لەگەڵ مێژوودا کرد" چ لە کلتووری عەرەبیدا و چ لە کلتوری گەلانی تردا، بەم بۆنەیەوە کتێبەکانی مێژووی کۆن پرن لەنموونەی ئەم بەنێویەکداچوونە لەگەڵ ئەدەبدا، کاتێ لە کتێبی مێژوونووسانی عەرەب دەڕوانیت ئەم چەشنە تێکەڵاوبوونە دەبینین" (الكعبى ، 2022 ).

لە بەرامبەریشدا لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا دەیان بەرهەمی ئەدەبیمان بەرچاو دەکەوێت، کە رووداوگەلێکی قۆناغە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی دەگێرنەوە، ئەم دیاردەیە سەرەتا لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدارەنگیدایەوە ، تیایدا گەلێك لە حیکایەت و پەندەکانی پێشینان و داستانە شیعرییەکان بوونەتە ئامرازی گێرانەوەی رووداوە مێژووییەکان، دواتر لە ئەدەبی نووسراودا ئەم بارە فراوانتر بوو کاتێك شیعرو چیرۆك و رۆمانگەلێك بوونە کەرەستەی گێرانەوەی رووداوەکانی مێژوو و لەبەرگێکی نوێدا رۆڵی تۆماری مێژوویان بینی، بەرهەمەکانی (ژانی گەلی برایم ئەحمەد ، پاشایان کوشتی خوسرەو جاف ، قەڵای دمدمی عەرەبی شەمۆ ،مەم وزینی خانی، گۆرستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس ........ هتد ) بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم راستییەن.

گەشەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو دەرگای بەڕووی هاتنەکایەی رۆمانی مێژووی و میتۆدی رەخنەی مێژوویی کردەوە و هێندەی تر پەیوەندییەکەی کرد بە تەواوکاری . باسکردن لە سروشتی پەیوەندی نێوان ئەم دووکایە رۆشنبیرییە، پێش هەمووان سەرنجی ئەرستۆی یۆنانی بۆلای خۆی راکێشاوە، ئەم لە بەراوردی شاعیرو مێژوونووسدا دەڵێت:-"جیاوازیان ئەوە نییە، کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسێت و ئەویتر بە شیعر..... بەڵکو لەوەدایە، کە یەکێکیان باس لە شتێك دەکات کە روویداوە، ئوەی تر باسی شتێ دەکا کە لەوانیە روودا ، هەرلەبەر ئەمەشە شیعر لە مێژوو فەلسەفیترو بەهادارترە" (ئەرەستو،2004، ل 37).

پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێت، کە لێرەدا ئەرستۆ قسە لەسەر شیعری داستانی و شانۆیی دەکات ، لەم دووانەشدا رووداو رەگەزێکی سەرەکی بنیاتنانەو لەرێگەی چنینەوەی پێکەوە گرێدەدرێن، لەم بەراوردەی ئەرستۆدا دوو خاڵ جێ سەرنجە ؛ یەکەمیان ئەوەیە، کە مێژوونووس دەبێتە دەستەمۆیی رووداوەکان کە لە رابردوودا روویانداوەو هەوڵئەدات وەك خۆی تۆماریان بکات، بەڵام شاعیر بەپێی پێویستی و شیمانە (احتمالیە) باس لە رووداوەکان دەکات، دووەمیان لە ئاکامی خاڵی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت، بەوەی شیعر لە مێژوو فەلسەفیترو بەهادارترە، بەمەش بە گرنگتری دەزانێت .

بێگومان لە گەڵاڵەبوونی ئەم بۆچوونەدا ئەندێشە و سۆز لای شاعیر دەبنە دوو رەگەزی کارای داهێنان، بەم چەشنە شیعر ئازادانەتر لەگەڵ رووداوەکاندا مامەڵە دەکات و ئاییندەییانە

بەرجەستەیان دەكاتەوە " كلتوری مرۆڤایەتی پڕە لە داستانگەلێكی شیعری، كە تیایاندا ئەندێشەو كەتوار كۆكراونەتەوە، لەراستیشدا ئەم داستانانە لە كرۆكی رووداوگەلێكی راستەقینەی مێژووییەوە چنراون، دواتر مرۆڤ بەهاو نموونە باڵاكانی و هیواو خواستەكانی خۆی بەپێی سەردەمەكان بۆ زیادكردوون" (قاسم،1983، ل237).

لێرەوە شیعر تەنها بریتی نابێت لە دەرخستنی هەست و سۆزەكانی شاعیر، بەڵكو ئەركێكی گەورەترو فراوانتر دەگرێتە ئەستۆ، هەر ئەمەش وایكرد، كە عەرەبەكان بڵێن: شیعر دیوانی عەرەبە ، بەواتا شیعر ئەو رووبەرە فراوانەیە، كە تیایدا ژیانی كۆمەڵگای عەرەب و مێژوو و رووداوە خۆشی و ناخۆشییەكانیانی لەخۆگرتووەو بە زمانێكی سەرنجڕاكێشی داڕێژراوە، جا لەبەرئەوەی شیعر لە ژانرەكانی تری ئەدەبی زیاتر خودێتی داهێنەری تێیدا زاڵە، بێگومان لە بەرجەستەكردنی دیمەن و رووداوەكانیشدا خواستی شاعیر گۆشەگەلێك دەبینێت و یەكێكیتر فەرامۆش دەكات، دیمەنگەلێگ گەورە دەكات و هەندێكی تریان بچووك پیشاندەدات ، كەسانێك زەقدەكاتەوە و كەسانێكی دی تیلەی چاویان لێدەگرێت، لەم راستیەشەوە ئەو بۆچوونە گەڵاڵەبوو، كە شاعیر دەتوانێت بە سێ شێواز واقیع پیشانبدات : وەك خۆی ، باشتر، خراپتر. ، ئەم جیاكردنەوەیە لای ئەرستۆ بوو بە بنەمایەك بۆ جیاكردنەوەی شیعری داستانی و تراجیدی و كۆمیدی لەیەكتر. (ئەرستۆ، 2004، ل 17-18 )، بێگومان گێڕانەوەی مێژوو و رووداوەكان لە شیعردا زیاتر سەرنج رادەكێش و چێژبەخشە، ئەمەش گیانی نەمریی زیاتر بەبەر دەقەكاندا دەكات، چونكە "مێژوو لەگەڵ رەهەندە گشتییەكانی كاروانی مرۆڤایەتییدا رێدەكات، بەڵام ئەدەب قووڵ دەبێتەوە و شرۆڤەی رەهەندە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكانی مرۆڤەكان دەكات " (ساڵەح،2023، ل61) .

بێگومان ئەگەر تەوەری سەرەكی رووداوەكان رەهەندی نەتەوەیی و نشتیمانی هەبوو، ئەوا بێ دوو دڵی لای شاعیری نەتەوەیی دەبێتە جێ ڕامان و لە ئاكامیشدا هەستو نەستی رۆڵی كارای تێدا دەبینن بۆ ئەوەی ئەزموونە شیعرییەكەی داهێنەرانە بێتەبەرهەم، ئەمەش وابەستەی ئەو راستییەیە كە دەڵێت: " جیاوازی نێوان سروشتی مێژوو و سروشتی شیعر لەوەدایە ، كە مێژوو دوو بەشە (كەرەستە و زمان) لە هەردووكیاندا بەپێچەوانەی شیعرەوە كاردەكات، كەرەستەی مێژوو داهێنراوی عەقڵی مێژوونووسەكە نییە، بەڵكو لە رووداو و بارودۆخەكانی دنیاوە هەڵیدەهێنجێت یان لە ئیرادەی ئاشكراو شاراوەیی خواوە بەدەستی دەخات، زمانەكەشی ئەو زمانەیە، كە خەڵكی لەكاتی بیركردنەوەدا بەكاریدەهێنێت، بەڵام كەرەستەی شیعر لە ئەندێشەی بلیمەتانەی شاعیرەوە وەرگیراوە و زمانەكەشی ئەو زمانە ئاساییە نییە، كە لەنێو خەڵكدا بەكاردێت" (ارسطوطاليس، 1953، ص512).

ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی، كە شاعیر هەرگیز وەك مێژوونووس رووداوەكان ناگێڕێتەوە، بەڵكو ئەندێشەی شیعری خۆی تێكەڵ دەكات و جێپەنجەی لەسەر رووداوەكە جێدەهێڵێت و هەوڵدەدات لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە لێكدانەوەیان بۆ بكات و خوێندنەوەی بۆ پێشهاتەكانی تریش بكات .

تەوەری دووەم : شەڕی ئاوباریك، هۆكارو ئەنجامەكانی

لەدوای كۆتاییهاتنی جەنگی یەكەمی جیهانییەوە لەساڵی (1918) ، دەرگایەك بۆ سەربەخۆیی لەبەردەم كوردی باشووری كوردستاندا كرایەوەو لەماوەی چەند ساڵێكی كەمدا لەسەر دەستی(شێخ مەحموودی حەفید)دا دوو كابینەی حكومەت لەپارێزگای سلێمانی و دەوروبەری پێكهێنران، بەڵام نە لەو ماوەیەداو نە دواتریش سەقامگیری و ئارامی نەبووە بەشێك لە ژیانی كوردانی ئەم دەڤەرە، لەلایەكەوە عوسمانییەكان و لەلایەكی ترەوە

ئینگلیزەکان و حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەبوونە هەڕەشەو مایە ناسەقامگیری باشووری کوردستان، ئەم دۆخە نەخوازراوە تاساڵی(1930)درێژەی کێشا، کە تێیدا ڕێکەوتن لەنێوان ئینگلیزو حکومەتی عێراق ئەنجامدراو بڕیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان درا، بۆ ئەم مەبەستە دەیانویست لە پرۆسەکەدا خەڵکانێك کاندید بکرێن و سەربکەون ، کە ڕەزامەندی خۆیانی (ئینگلیزو عێراق) لەسەر بێت (سەجادی،2005، ل123-124). ئەم بڕیارە رق و توورەیی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری گەیاندە ترۆپك و لەسەرەتای مانگی ئەیلوولی(1930)ەوە تادەهات لەلایەن جەماوەری سلێمانیەوە دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر بەرێکەوتنەکەو کاندیدەکانی هەڵبژاردن و نادیاری چارەنووسی دۆسییەی گەلی کورد لە عێراقی نوێدا زیاتر بەرزدەبوویەوە، ئەمەش مەرگەساتی (6-9-1930)دا لێکەوتەوە، بەوپێیەی لەم رۆژەدا سلێمانی بووبە پرسەخانەیەکی گەورەو خەڵکێکی زۆر کوژران و رژێم بە هەموو چەکێکی بەردەستیانەوە پەلاماری دان، لەبەرامبەریشدا هەڵبژاردن لەو رۆژەدا ئەنجام نەدرا، بەهۆی گەورەیی ئەو مەرگەساتەوە خامۆشی باڵی بەسەر شاری سلێمانی و دەوروبەریدا کێشا، لەبەرامبەریشیدا خەڵکی هێندەی تر رق ئەستوورتر بوون بەرامبەر بە حکومەتی عێراق و ئینگلیزی پشتیوانی، بیستنی ئەم هەواڵە روحی کوردانەو شۆرشگێرانەی(شێخ مەحموود)ی زیاتر بزواند، هەرچەندە ماوەیەکی زۆربوو لەگوندی (پیران)ی ئێران دانیشتبوو، ئەوەبوو دەستیکرد بە جموجوڵەکانی و ناردنی نامە بۆ سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان و کەسایەتییە کاریگەرەکان لە ناوچەکانی (سلێمانی، پشدەر، پێنجوێن ، شارەزوور، گەرمیان، قەرەداغ )لە ئاکامدا بەدەمەچوونی و پێشوازییەکی گەرمی لە خەڵکەوە بۆهات (مەعروف، 2023،ل39-43 : ئەسەسەرد ، 2010 ، ل 46-47 ) .

دوای تەواوکردنی ئامادەکارییەکان، بڕیاردرا شۆرش دەست پێبکاتەوە، لەلایەکەوە لە پێنجوێن و و خورماڵ و شارەزوورەوە و لەلایەکی ترەوە بە دیوی پشدەردا راپەرین دەستی پێکردو ناوچەکان ئازاد کران ، تا گەیشتنە قەرەداغ و سەنگاو بە ئومێدی ئەوەی پەلاماری شاری کەرکووك بدەن و بە ئازادکردنی ببنە خاوەنی کارتێکی بەهێز لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکان، چونکە گرتنی کەرکووك دەبووە خاڵی لاوازی حکومەت (باوەڕ،1994، ل12-13) ، بەم نیازە گەیشتنە گەرمیان و لەرێکەوتی(5-4-1931) لە دێی (ئاوباریك)، کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی دوزخورماتووی گەرمیان،لایاندا و بوون بە میوانی (شێخ مەجید تاڵەبانی) کەخاوەن گوندەکە بوو ، بەڵام وا دیارە ئەم نیاز و جموجوڵەی شێخ مەحموود گەیشتە حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان، هەربۆیە بەپێی زۆرێك لە سەرچاوەکان بەپەلە سەدان سەربازو پۆلیس و کۆمەڵێك چەکداری خۆفرۆشی کورد لەوانە چەکدارەکانی (شێخ حەمید تاڵەبانی) لە زەمین و فرۆکەکانی بریتانیا لە ئاسمانەوە، گوندەکەیان کرد بە مەیدانی داستانێکی گەورەی مێژوویی، لەم بارەیەوە دەوترێت: "لە گوندی ئاوباریك شەڕێکی گرنگ ویەکلاکەرەوە لەنێوان هێزی کوردان لەلایەك و حکومەتی عێراق و هێزی ئاسمانی بریتانیا لەلایەکی ترەوە روویدا، سوپای عێراق بەهێزێکی پیادەی (400) کەسییەوەو بەپشتیوانی کارای فرۆکەکانی بریتانیا هێرشێکی لەناکاویان کردەسەر شێخ مەحموود " (صابر، 2006، ص187: عەلی،2010، ل228) لەراستییدا بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان ئەم شەڕە ، کە دوا شەڕی قورسی شێخ مەحموود بوو خۆی سەرکردایەتی بکات، شەڕێکی بێوینە بوو لەمێژووی شۆرشەکانی ناوبراو لەباشووری کوردستاندا، چونکە سەرباری جیاوازی و نارامبەری لەتوانای سەربازی هەردوولادا، کەمی ژمارەی جەنگاوەرانی کورد بەرامبەر بە هێزو

تواناى عێراق و فرۆكە جەنگییە بەردەوامەكانى ئینگلیزیش، هێشتا بەپێوەرەكانى جەنگ، هێزەكەى شێخ مەحموود سەركەوتووبوون (سەجادى،2005، ل 136).

ئاكام دواى ڕۆژێكى تەواو لە شەڕى قارەمانانە، شێخ مەحموود ناچاربوو بڕیارى كشانەوە بەرەو باكوورى ڕۆژهەڵاتى لیواى سلێمانى بدات ، سەرچاوەكان لەبارەى زیانە گیانییەكانى دوژمنان دەڵێن:- "زیانەكانى دوژمن لەگۆرەپانى شەڕەكەدا بەپێى سەرچاوەو شایەتحاڵەكان زیاتر لە150 لاشەى سەربازو پۆلیس لە گۆڕەپانى شەڕەكەدا بەجێدەمێنن " (مەعروف"2023،ل 72)، لە بەرامبەریشدا بۆ زیانى گیانى هێزى كوردان باس لە شەهیدبوونى (16) كەس دەكرێت(عەلى، 2010، ل228 : صابر ، 2006. ل 187) ، بەم پێیەش دەردەكەوێت سەربارى نابەرامبەرى هێزەكان زیانى دوژمنان دە ئەوەندى زیانى گیانى هێزى كوردان بووە، نابێ ئەوەشمان بیربچێت، كە ئامانج لەم شەڕە تەنها بەرگرتن بە پێشڕەوییەكانى هێزى كوردەكان نەبوو، بەڵكو كوشتن یاگرتنى خودى شێخ مەحموودیش بوو، بەوپێیەى بە هەڕەشەى گەورەیان دەزانى لە بەردەم بەدیهاتنى ئامانجەكانى عێراقى نوێدا، بەڵام ئەمەیان بۆ نەهاتەدى، ئەوەبوو دواى بێئومێدبوونى شێخ لەپشتیوانى كۆمەڵانى خەڵك بەتایبەتى خەڵكى دەڤەرى پشدەرو هەستكردنى بە سووربوونى ئینگلیز لەسەر بڕیارى خۆ رادەستكردنیدا. (عەلى، 2010 ، ل 228-229).

ماوەتەوە بڵێین: پێكهاتەى هێزەكەى شێخ مەحموود بریتى بوون لەتێكەڵەیەك لەچەكدارى ناوچە جیاوازەكان وعەشیرەتەكانى جاف و زەنگنە و شێخانى بەرزنجە و تاڵەبانى و هەندێ عەشیرەتى تر، هەروەك لەڕووى ئایینیشەوە چەن چەكدارێكى مەسیحیشیان لەگەڵدا بوو(مەعروف، 2023 ، ل 65-70 : خەیات ، 2026 ، 146-152) ، بەمچەشنە ئەم شەڕە بوو بە دوا وێستگەى جێ ئومێدى شێخ مەحموود و تا كۆچى دوایى كرد پێیەوە تلایەوە .

بەشى دووەم : شەڕى ئاواریك لە چامەكەى حەمدیدا

شەڕ و ڕووداوە نەتەوەییەكان لەو بابەتە مێژووییانەن ، كە بە ئاسانى لەبیرناكرێن ، شاعیران بۆ ئەوەى بەرگێكى نەمرییان بەبەردا بكەن ، لەشیعرەكانیاندا تەوزیفیان دەكەنەوەو هەریەكەیان بە چەشنێك بەرجەستەى دەكەن، هەندێك وەك داستانى نەتەوەیى دەیگێڕێتەوە " هەندێكى تر بەشەڕو ڕووداوەكان سەردەمەوە گرێیان دەدات و دەیانكاتە مایەى شانازى وپەندلێوەرگرتن بەو هیوایەى لەداهاتوودا دووبارە ببنەوە، لاى هەندێ شاعیرى تر ئاماژەدان بە كەسایەتى و سەركردەكانى شەڕەكە دەبێتە جێ سەرنج و یادكردنەوە .

باسكردن و یادكردنەوەى شەڕى ئاواریك لەشیعرى كوردیدا تەنها بەهۆى گەورەیی سەركردەى شەڕەكە (شێخ مەحموود)ەوە نییە، بەڵكو هۆكارو ئەنجام و سروشتى بەرگرى قارەمانانەى جەنگاوەران دیوێكى ترى ئەو بە زیندوو ڕاگرتنەیەتى لە شیعرى كوردیدا، بۆیە نامۆ نییە بەلامانەوە كاتێك دەبینین لە شیعرى كلاسیكى و نوێ و هاوچەرخى كوردیشدا شاعیران بەسەریان كردووەتەوە.(محمد، 1989 ، ل 88- 99 ، هەلاج ، 2013 ، ل 122-141، نەریمان ، 2025 ، ل 65، 68 ، دیلان ، 2013، ل 194، بێكەس، 2013 ،ل 49 ، موكرى ، 2011، ل 28 ، هەژار ، 1385 هـ ، ل 67 ، بەرزنجى ، 2006 ، ل 23) . ئێمە لێرەدا لەبەر مەوداى دیاریكراوى توێژینەوەكە تەنها لەسەر چامە شیعرییەكەى (حەمدى ساحێبقران 1876-1936 )، كە لەژێرناوى (شەڕى ئاواریك)وەیەو لە هەمان ساڵى ڕووداوەكە (1931) نووسیویەتى، دەوەستین و هەوڵدەدەین بە وردى چۆنێتى مامەڵەكردنى شاعیر لەگەڵ

راستیيە مێژووییەکانی پەیوەست بە شەڕەکە و خوێندنەوەی شاعیر بۆ هۆکارو لێکەوتەکانی دەستنیشان بکەین، سەرەتا وا بەباشی دەزانین چامەکە بەتەواوی بخەینەڕوو:

1- ئەی وەتەن لوتفەن تەواوی کە وقووعاتی میلەل
ئەم مەراقە با نەکا بۆ ئاخری نەشری عیلەل
2- تێ بگەن خەڵقینە توخودا بەس ئیتر تەفرە بخۆن
ئەجنەبی بۆ نەفعی خۆیانە دەکەن دایم حییەل
3- نامداری کورد و سێ زابت بە هاورێتی سەلام
کەوتنە مەردانە سەعی حیرەتم بوو في المثل
4- ڕۆستەمانە گەر بڵێم غەدرە کە ڕۆستەم هەر بە خەو
کەی تەیارەی دی بە فیلۆ یا تەقەی تۆپی جەبەل
5- گەر بڵێم ئەسکەندەرانە غەدرە ئەسکەندەر مەدام
ساحبی ئۆردوو و وەزیری وەک ئەرستۆی بوو لەگەڵ
6- بۆچی باسی حەربی سووورداش و کاناروێت بۆ بکەم
بەم قسانە بۆت تەواو کەم قافیەی نەزم و غەزەل
7- حەربی ئاوباریک ئەگەر تەسویری بتوانم بکەم
وا دەزانم کورد بە خوێنی کوردەکان بیکەن بەدەل
8- شێخ لەگەڵ پەنجا کەسی مەشغوولی ڕاحەت بوون بە ڕۆژ
ئاخیری مانگی بەهار و ئاوباریک بوو محەل
9- یەک فەوج جەیشی عەرەب حەوتسەد نەفەر پۆلیسی تورک
پێشڕەوی دووسەد سواری تاڵەبانی بۆ جەدەل
10- نەفری عامی هاتنە سەر یەک نەفەر سەرداری کورد
بۆ خسووفی مانگ وەکوو چووبن شەیاتینی بە گەڵ
11- دانیانە بەر تەقە هەر وەک شەیاتین ڕەجم کەن
مانگ نەگیرا کەوتنە جامبازە ئەمسالی جەمەل
12- دەنگی شەستتیر و تەیارە و قرچەیی تۆپ و تفەنگ
ڕۆژی حەشرێ بوو ئەباری هەر وەکوو تەرزە ئەجەل
13- دووکەڵی بۆمبا و تەپوتۆزی سوارە و گوللە تۆپ
ئاسمانی گرتە بەر داگیری کرد بورجی حەمەل
14- گوللە پرشنگی ئەدا ئەکشا وەها زەننت ئەبرد
زامدارە بۆ تەداوی هاتووە نەجمی زوحەل
15- ئەو هجوومانە کە لەرزەی خستە ئەرز و ئاسمان
نەیگەیان زەڕرە بە وەزعی یەک مناڵی کورد خەلەل
16- وا نەبوو ئەهمییەتی بۆمبا و گوللەی تۆپەکان
هەر ئەهات ئەدرایە بەر شەق یا بە پێلەقە و بە پەڵ
17- من وتم ئەم حەربە تەمسیلی چەناق قەلعە ئەکا
سەد ئەگەر بکرایە ئەترافی بە توڕپیل و بە تەل
18- هەر بەلاشە ڕەشبەڵەک گیرابوو لەو مەیدانەدا
تاڵەبانی میسلی بەت جوندی هەژاریش میسلی قەل
19- وەختی مەغریب ڕەجعەتی ئۆردووی کە کرد سەیری هەبوو
سنگ و سک گۆڕابوو یەکسەر بوو بووە پشت و کەفەڵ

20- وای نەنەی پۆلیسی تورک و یوممەیوممەی عارەبی
بۆ قەوان هەڵ ناکەوێ جارێکی تر بەو نەوعە هەل
21- وا لە ناو جەووی هەوادا ئەم قەوانە مەیلتە
گوێ لە تەلسز بگرە گرتوویە سەراپا موحتەمەل
22- وەختی ڕەجعەت ڕەحمی فەرموو مەنعی تەعقیبی کە کرد
وا ئەگەر نەبوایە لاشە جێ ئەما وەک باڵی مەل
23- چاوی هێشتا پیاوی ساغی هەر نەدیوە ئەجنەبی
خزمەتی ئەو چونکە ناکەن غەیری لات و کوێر و شەل
24- سەیرە چاوی موغریزی کورد بەو تەپ و تۆزی شەڕە
تەم بەسەریا هاتووە گرتوویەتی دەردی سەبەل
25- کورد ئیتر بەسیە کە ناوی هەر بە نەختە هیممەتێ
زینەتی داوە بەسەر لەوحەی تەواریخی دووەل
26- یەک بە دە هەرچەندە سەنرا خوێنی منداڵانی کورد
زەحمەتە تا ڕۆژی مەحشەر بکرێ ئەو ئیشکالە حەل
27- لێمگەڕێ فەرمووی وەتەن ئەمجا دوعاتان بۆ ئەکەم
پشتی یەک بگرن لەسەرتانە خوای عەززەوەجەل
28- ڕەببی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ
(صاحبقڕان ، 1957، ل101-104)

پێشتر تیشکمان خستەسەر ئەوەی، کە سروشت و ئامانجی شاعیر لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی مامەڵەکردنی حەمدی شاعیر لەگەڵ شەڕەکە بەوردی دەستنیشان بکەین، ڕاستەوخۆ شۆڕدەبینەوە بۆ نێو دەقەکەی و لەمەشدا زەمینەی ڕوانگەی شاعیر بۆ زەمینەو ئامادەکارییەکانی شێخ مەحموود بۆ شەڕەکەو پێکهاتەی هێزی جەنگاوەرانی کوردو دوژمنانی و ئاکامەکانی شەڕەکەمان بۆ ڕوونتردەبێتەوە.

ئەم چامەیە کە لە(28) دێڕ پێکهاتووە، دوا چامەی تەرجیع بەندە بەناوبانگەکەی حەمدییە کە بە (ڕەببی مووی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ ... )کۆتایی دێت، هەربۆیە دیری یەکەمی دەقەکە کلیلی بەستنەوەیە بەزنجیرە تەرجیع بەندەکانی تری، کە لەساڵی (1922) دەستی پێکردووەو لە ساڵی(1931) کۆتاییان هات، تیایاندا بە وردی لەسەر کۆمەڵ ڕووداوێکی ئەو ساڵانە لەسەر زاری نشتیمانەوە دەدوێت.
شاعیر لەم سەرەتایەدا وا شەڕەکە بەسەردەکاتەوە کە، دوا چیرۆکی گەلە لەباشووری کوردستاندا، ئەمەش خوێندنەوەی وردی شاعیر بۆ دۆخەکەو بۆ ڕووداوەکە (شەڕی ئاوباریك) دەردەخات ، کە لە ئاکامدا بوو بە دوا شەڕی شێخ مەحموودیش، پاشان لەدێڕی دووەمدا ڕوو لە هەمووان دەکات وبەتکاوە پێیان دەڵێت:- چیتر بە قسەو بەڵێنی بێگانان فریو مەخۆن، چونکە ئەوان بۆ بەرژوەندی خۆیان هەموو فێڵێك دەکەن، ئەم تێگەیشتنەی وردەی شاعیر لەو ئەزموونە دەوڵەمەندو کەڵەکەبووەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەیبووە، بەوپێیەی حەمدی شاعیرێکی قاڵبووی ناو خەباتی کوردایەتی بووەو یەکێك بووە لە کەسە هوشیارو بە ئاگاکان، ئەمە جگە لەپێگەو پەیوەندییە بەهێزەکەی لەگەڵ خودی شێخ مەحموودا. "بەشداریکردنی حەمدی لەو بڕیارانەی، کە بەندن بە چارەنووس و دواڕۆژی نەتەوە، ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە

حەمدی یەکەم وەك سوارچاك و پێشمەرگەیەکی گیان لەسەردەست پاشان وەك شاعیرێك هەست بە ئازاری میللەتەکەی بکا لەو ژێردەستی و دەربەدەرییەی کە تێیدایە هەوڵی رزگارکردنی بدا " (مەولوود ، 2004، ل 67)، بۆیە پێیوایە هەمیشە دوژمنان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ دۆسییەی کورددا دەکەن. هەرکات بەرژوەندییان نەما کوردو شۆڕشەکەی دەکەنە قوربانی .

بەپێرەوی ئێمە جگە لەو هۆکارانەی باسمان کردن ،ئەم بۆچوونەی شاعیر لەو زانیارییانەشەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە گوایە لەو رۆژانەدا بریتانییەکان بەڵێنیان بە شێخ مەحموود دابوو، کە پشتیوانی دەکەن، چونکە " شێخ مەحموود لەکاتی چاوپێکەوتنە فەرمییەکانی و پەیوەندییکردن بە کەسایەتی و سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانەوە هەوڵی ئەدا وایان پیشانبدات، کە بریتانیا پشتیوانی هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن " (صابر ، 2006 ، ل175)، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێ جار حکومەتی عێراقیش ئەو گومانەی لا دروست دەبوو (صابر ، 2006 ، ل176)، هەرچۆنێك بێت ئەزموونی رووخانی هەردوو حکومەتەکەی شێخ، کە حەمدی خۆی لە دووەمیاندا وەزیری گومرك بووە ، باشترین بەڵگە بووە بۆ ئەوەی حەمدی بەم پروایە بگەیەنێت ، بەکورتی شاعیر لەدێری دووەمی چامەکەیدا کاکڵەی پەیام و ئامۆژگاری خۆی بۆ کوردەکان بەیان کردووە، ئەمەش هەڵهێنجراوی شکستی شەڕەکەو شۆڕشەکەشە، بەمەش هەر لە سەرەتای دەقەکەوە ئەنجامەکەی بۆ خستووینەتەڕوو.

پاشان وەك فلیمێك خوێنەر دەباتەوە بۆ سەرەتای دەستکردن بە ئامادەکارییەکان بۆ راپەڕینەکە، کە وەکو وتمان ئاکامی رق و تۆڵەی ئەو کوشتارەی لە خۆپیشاندانەکەی شەشی ئەیلوولی 1930 و بێئومێدبوونی کوردان لەگەیشتن بە مافەکانیان سەرچاوەی گرتبوو، بەلای شاعیرەوە سەرەتای ئامادەکارییەکان بە داوای بەرپاکردنەوەی شۆڕش لە شێخ مەحموود دەستپێدەکات کە ئەویش لەلایەن چوارکەسەوەی بووە( هەرسێ ئەفسەری کورد مەحموود جەودەت ، حەمید جەودەت، کامل حەسەن، سەلامی شاعیر )، هەرچەند شاعیر ناوی ئەفسەرەکانی نەهێناوە، بەڵام ئەم ڕایەی هاوتەریبە لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکان، کە هەمان زانیاری پشتڕاست دەکەنەوە(صابر ،2006 ، ل 167 : مەعروف 2023" ، ل42)، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ بە ئاگای حەمدی لە پێشینەی رووداوەکان و سەرەتای دەستپێکردنیان، شاعیر لە دێری سێهەمدا ئەو زانیارییەی کردووەتە هەوێنی شیعرەکەی و بەوپەڕی شانازییەوە باس لە کۆششی شێخ و ئەو چوار پشتیوانەی دەکات، بۆ ئەمەش لە دێرەکانی (4-5-6) جارێ دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆن و پایەو قارەمانێتی شێخ مەحموود دەباتە زوور ئازایەتی (رۆستەمی زاڵ و ئەسکەندەری مەکدۆنی)، هی هاورێکانیشی دەباتە سەرووی ژیری و دانایی(ئەرستۆ) یۆنانییەوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەو راستییە رەخنەییە بهێنینەوە یاد ،کە زیندووراگرتنی کەسایەتیەکانی مێژووی کۆن لەشیعری سەردەمێکی تردا، پێویستیی ئەزموونی بیری نوێی شاعیرانە، چونکە "دەلالەتی قارەمانێتی لە سەرکردەیەکی دیاریکراودا یان دەلالەتی سەرکەوتن لە شەڕێکی دیاریکراودا بۆی هەیە تادوای کۆتاییهاتنی بوونە واقیعیەکەشی بە زیندوویێتی بمێنێتەوەو لەهەڵوێستی نوێ و رووداوی تازەدا دووبارە ببنەوە، لە هەمان کاتدا شیاوە بۆ هەڵگرتنی لێکدانەوەو شیکردنەوەی نوێ " (زاید ، 1997 ، ص 120) .

لەلایەکی ترەوە بە گەڕانەوە بۆ دەقەکە و بەهەستکردنی بە گەورەیی شەڕی ئاوباریك، شاعیر بە چاوی کەم سەیرکردنەوە دەڵێت: بۆ باسی شەڕی کەناروێ و سورداشتان بۆ

بکەم (کە ئەم شەڕانەش هەر لەسالآنی پێشتر شێخ مەحموود سەرۆکایەتی کردوون)، کە لەچاو شەڕی ئاوباریکدا هیچ نین ، بەم پێشەکییە خوێنەر ئامادە دەکات بۆ باس و وەسفی شەڕەکە، ئەو شەڕەی پاڵەوانگەلێکی گەورە رۆڵی تێدا دەگێڕن :

حەربی ئاوباریك ئەگەر تەسویری بتوانم بکەم
وادەزانم کورد بەخوێنی کوردەکان ئەیکەن بەدەل (صاحبقران، 1957، ل 102 )

شاعیر خۆی بەدەستەوەستان دەزانێت بەرامبەر بە وەسفی شەڕەکەو گێڕانەوەی داستانەکە، بۆیە لەنیوەی یەکەمدا گومان لەتوانای خۆی دەکات (ئەگەر تەسویری بتوانم بکەم !)، لەنیوەی دووەمیشدا دەست دەخاتەسەر هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕەکە، کە لەتۆڵەی خوێنی ڕژاوی شەهیدەکانی رۆژی رەشی شەشی ئەیلوولە، لێرە بەدواوە خوێنەر دەباتەناو مەیدانی شەڕەکەو کات و شوێن و پێکهاتەو دیمەنی هێزی هەردوولای شەڕەکەرمان بۆ دەکێشێت، پێش هەموو شت نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە شاعیر دۆخی بەهێنانی دەربڕینی (شیخ لەگەڵ پەنجا کەسی مەشغوولی راحەت بوون )بێئاگاییانەی شێخ مەحموود پیشاندەدات بەوەی چاوەڕوانی ئەو رووداوەی نەکردووە لەوکات و شوێنەدا، چونکە بڕیار وابوو شێخ و هێزەکەی تا دەوری شاری کەرکوك نەوەستن ، ئەم بێئاگاییەی شێخ مەحموود لەسەرچاوە مێژووییەکاندا جەختی لێکراوەتەوە . (عەلی، 2010، ل 228 ).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەوە راستییە بهێنینەوە یاد، کە لەبارەی قەبارەو ژمارەی هێزە شەڕەکەرەکان ڕای جیاواز هەیە، بەڵام سەرجەمیان لەسەر ئەوە کۆکن کەهێزی کوردان بەرامبەر بەهێزی دوژمنان زۆر کەم و نابەرامبەر بووە، لەکاتێکدا ئەنجامی شەڕەکە بەپێچەوانەوە سەرکەوتنی کوردان بووە، هەروەك مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەو بارەیەوە دەڵێت :- " شەڕ هەتا ئەهات گەرمتر ئەبوو، هێزی حوکوومەت هەتا ئەهات زیاتری ئەکرد، هێزی شێخ مەحموود وردە وردە لەبەر کەمبوونەوەی چەك بێهێزی بەسەردا ئەهات، لەگەڵ ئەمەشا زیانی کوشتاری بەری حوکوومەت و زیانی جبەخانەو فڕۆکەیان لە حساب نە ئەهات" (سەجادی ، 2005 ، ل 110 ).

ئەم راستییە مێژوویە بەکەرەستەی شیعریی ناو بیری حەمدی بووەتە هەوێنی دێرەکانی (10-11-12-13-14)، کە پێویستە پێش ئەوەی زیاتر لێی وردبینەوە ، سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین، کە شاعیر زیادەڕۆیی لە پیشاندانی هێزی دوژمن کردووە، بەوپێیەی جگە لە هێزی سەربازی عێراق و عەشایەرە کوردەکانی لایەنگریان و فرۆکەکانی ئینگلیز ، ئاماژەی بەوەش داوە کە (700 پۆلیسی تورك) یان لەگەڵدا بووە. کە دوای گەڕانێکی زۆر بۆمان دەرکەوت، ئەمەی دواییان لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا باسی نەکراوەو نەهاتووە، کە پۆلیسی تورك لەو شەڕەدا بەشدار بوویێت، ئەم تێبینییە سەرنجی( د.مارف خەزنەدار)یشی ڕاکێشاوە، هەرچەندە بەتەواوی رەتی نەکردووەتەوە ، " شەڕەکە لەنێوان کورد و عەرەبی عێراق بوو، تورك یان تۆرانییەکان یارمەتی عەرەبیان دەدا " (خەزنەدار ، 2010، ل 315) ، ئێمە وای بۆ دەچین ئەم گەورەکردنەی هێزی دوژمن لەچوارچێوەی ئەو بابەتەدایە، کە دنیابینی شاعیر لە مێژوونووس جیادەکاتەوە بەوەی بەپێی پێویستی و شیمانە رووداوەکان وێنە دەگرێت، پێویستییەکە زیاتر دەرخستنی ئازایەتی هێزەکەی شێخ مەحموودە و شیمانەکەش ئەوەیە، کە شاعیر دڵنیایە لەوەی تورکەکان با لەدووریشەوە بێت هیوا خوازن شێخ و شۆڕشەکەی سەرکەوتوونەبێت، بەمەش وەك ئەوە وایە بە(700) پۆلیسەوە لەشەڕەکەدا بن، ئەم خواستەشیان دەچێتەخانەی دوژمنایەتیان بۆ کورد و شۆڕشەکەیەوە، ئەوەی ئەم

بۆچوونەمان بەهێزتر دەکات ئەوەی شاعیر لە بەرامبەر زۆرتر کردنی هێزی دوژمن ، هێزی شێخ مەحموودیشی کەمتر کردووەتەوە (هاتنەسەر یەك نەفەر سەرداری کورد) کە مەبەست لە خودی شێخە ، ئەمە بێجگە لەوەی وەك پێشتر خستمانەڕوو حەمدی زۆر زانیاری وردی لەسەر ڕووداوەکان هەبووە، هەروەك دواتریش زیاتر ئەمە دەسەلمێنین.

ئەندیشەی داهێنەرانەی شاعیر وایکردووە، زۆر هونەرمەندانە وێنەکە بکێشێت و سوود لەو ئەفسانەی کوردییە وەربگرێت، کە دیاردەی مانگگیران دەبەستێت بەوەی شەیتان بەری مانگی گرتووە و بە تەقەکردنی خەڵك مانگەکە بەردەبێت. (حەسەن ، 2007 ، ل 132-133).
بەلای حەمدییەوە شێخ مەحموود (مانگ)ەکەیە و کۆی هێزی دوژمنان شەیتانەکانن، دەیانەوێ بیگرن ، بەڵام بە بەرگری و تەقەی قارەمانانەی جەنگاوەرانی کورد ناهێڵن ئەو خەونەیان بێتە دی. نەك هەر ئەوە بەڵکو دوژمن وەك حوشترێکی هەڵهاتوو پیشاندەدات، لەمەشدا بەوپەڕی وریاییەوە وێنەکەی بنیاتناوە، چونکە هێزی زەمینی زۆرینەیان عەرەب بوونە و حوشتریش پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ژینگەی عەرەبەوە هەیە، هەر لەم دێڕەدا شاعیر سەرنجمان بۆ دەنگی تۆپ و تفەنگ وفڕۆکەکان رادەکێشێت، کە فڕۆکەکان هی بریتانییەکان بوونەو هەر ئەمەش بووە مایەی ئەوەی لەشکری کورد دواجار بڕیاری کشانەوە بدەن ، چونکە "دوانزە فڕۆکە بەردەوام لەسەر گۆڕەپانی شەڕەکە بووەو بە چڕی بۆردوومانی کردووە " (مەعروف ، 2023 ، ل 68) لەگەڵ ئەوەشدا دوژمن زیانێکی زۆری لێکەوت ، ئەمە جگە لەوەی وەکو لە یەکێك لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە " فڕۆکەکانی بریتانیا لە ماوەی دوو مانگدا حەوت فڕۆکەو دوو ئەفسەریان لەدەستداوە " (عەبدوڵڵا ، 2006 ، ل 84) . ئەم راستییە لای حەمدی لە دەربڕینی (ئەباری هەروەکو تەرزە ئەجەل)دا زۆر شاعیرانە نەخشێنراوە، هەمان وێنە لە کشانی گوللەکانیشدا پیشاندراوە، کاتێك (گوللە) بە (ئەستێرەی زوحەل/ کەیوان) دەچوێنرێت، کە بریندارێکی سەختەو بەپەلە بۆ چارەسەر دەبرێت ، ئەم وێنە داهێنەرانە، کە ئاوێتەی ڕووداوێکی وەك (شەڕی ئاوباریك) دەکرێن ، بەهایەکی هونەریی باڵاتر بە گێرانەوەو دیمەنەکان و تەنانەت کاریگەریشیان لەسەر خوێنەر دەدەن و هێندەی تر خوێنەر پەلکێشی ناو گێرانەوەکان دەکەن و ئەو راستییە دووپات دەکەنەوە، کە شیعر بەبەهاترو فەلسەفەدارترە .

شاعیر لەهەردوو دێڕی (15-16)دا ، زوومی کامێراکەی دەگوازێتەوە بۆ سەر هێزی کوردان وبەبێ زیان پیشانیان دەدات، لەدیمەنێکی دراماتیکیدا(ئەدرایە بەر شەق) ئازایەتی ئەفسانەییانەی جەنگاوەرەکان دەکێشێت، هەرچەندە تۆمارە مێژووییەکان باس لە شەهیدبوونی (16) جەنگاوەری کورد دەکەن ، بەڵام ئەم ژمارەیە بەراورد بە زیانی گیانی دوژمن کە وەك خستمانەڕوو زیاتر لە (150) کوژراو بووە ، دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە .
ئەم راستییە، شاعیر پێویست بەوە دەکات بۆ جەنگی گەورەتر لەمێژوودا بگەڕێتەوەو ئەم شەڕەی پێ بچوێنێت، بەوەش یادی (شەڕی چەناق قەلعە) کە لەساڵی (1915)دا ڕوویداوەو تیایدا عوسمانییەکان بە تاقی تەنیا توانیان شەڕێکی قارەمانانە دژی (فەرەنسییەکان و بریتانییەکان) بکەن و ڕێگەنەدەن ئەستەنبول داگیربکەن .
شاعیر مەبەستێتی زیاتر سەرکەوتنی کوردان و شکستی دوژمنانی دەربخات، بۆیە لەدێڕی (18)هەمدا وێنەی لاشەی ریزکراوی کوژراوەکانی دوژمن پیشاندەدات، بە (قازو قەل) یان دەچوێنێت ، لەم بنیاتنانەشدا زۆر بە جوانی وێنەکەی هۆنیوەتەوە، کاتێك ریزی لاشەکان بە (ڕەشبەڵەکی هەڵپەڕکێ)دەچوێنێت، کە تیایدا (تاڵەبانییەکان) بە (قاز لە سپێتدا) و

سەربازە عەرەبەکان بە (قەل لە رەشیدا) دەچوێنێت، ئەم رەش و سپییانە پێکەوە لەسەر زەوی رەشبەڵەکێکیان سازکردووە.

هەرچەندە بەخشینی جووڵە بە کوژراو لە تێگەیشتنی گشتیدا بە زیندوو پیشاندان دەگەیەنێت، بەڵام توانای شاعیر ئەم بەهای تێگەیشتنەی لەناوبردووە، بەوەی ئەو دیمەنە ترسناکە (کوژراو لەسەر زەوی)ی بۆشادی سەرکەوتن(هەڵپەڕکێی گەرم) گواستووەتەوە . بەواتایەکی تر ئەو بارو سۆزە پرلە خۆشحاڵییەی حەمدی، کە لە سەرکەوتنی کوردەکانەوە سەرچاوەی گرتووەو وەك شاعیرێك نەیتوانیووە سۆزی کوردانەی خۆی بشارێتەوەو رۆڵی مێژوونووسێك ببینێت، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە لادانێکی تری حەمدی لە رێرەوەی گێرانەوەی دروستی رووداوەکان بدەین، بەوەی هەموو عەشیرەتی تاڵەبانی لەریزی دوژمناندا وێناکردووە، لەکاتێکدا بەو جۆرە نەبووە (صابر ، 2006 ، ل 187)، بەڵکو زۆرینەی ئەم عەشیرەتە لەگەڵ شێخ مەحموودا بوونە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە ،کە پێیوایە "حەمدی لەگێرانەوەی شەڕەکەدا لایەنگیری هیچ لایەکی نەکردووە " (صاحبقران، 1957، ل 101) .

شاعیر لەدێرەکانی (19-20-21)دا ، درێژە بە گرتنی دیمەنی شکستخواردووی دوژمن دەدات، بەوەی لەلایەکەوە باس لەوە دەکات کە سەر لەئێوارە سوپای بەزیوو بەسەرسورمانەوە هەڵوەگێراوی سەربازەکانیان دەبینن، ئەمەش دەرپرینی (سنگ و سەر بووە بەپشت و کەفەڵ) وەك درکەیەکی جوان دەیگوازێتەوە، بەواتا ئەمان کە هاتن سەرو سنگیان دیاربوو(زیندووبوون)، بەڵام ئێستا کوژراون و بەدەمداکەوتوون. لەلایەکی تریشەوە پەنادەباتە بەر وێنەی بیستراو و مەبەستێتی لەپاڵ وێنە بینراوەکاندا زیاتر ئاوێتەی دۆخی شکستخواردووی دوژمنمان بکات، کاتێك دەنگی بەزیووی زیندووەکانیان دەگوازێتەوە، لێرەدا جارێکی تر ئەو تێبینییە دووپات دەکەینەوە، کە شاعیر وای پیشانداوە، کە پۆلیسی تورکیش لەشەڕەکەدا دژ بە کوردان بەشداربووە، هەربۆیە بەهێنانی دەنگی (وای نەنە) بەزیووی ئەمانیش دەگوازێتەوە، بەڵام وەکو وتمان لەم شەڕەدا تورکەکان راستەوخۆ بەشدارنەبوونە، بەڵکو چاودێری شەڕەکەیان کردووەو هیوای تێکشانی هێزی کوردانیان خواستووە، بۆیە شاعیر هەر بە بەشێك لەشکستەکەی زانیوون .

حەمدی لە گواستنەوەی ئەم دەنگە بەزیوانەی جەنگاوەرە هەڵهاتووەکانی دوژمندا، بە هەمان شێوەی دیمەنی کوژراوەکانیان سوودی لە بارێکی شادی وەرگرتووە، کە ئەم یارییە زمانییانە تایبەتمەندی دەقی شیعریین و لە زمانی ئاسایی جیای دەکاتەوە بەدەر لەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە چییە . حەمدی درێژە بە گێرانەوەکەی دەدات و لە دێری (22)دا ، باس لەوە دەکات کاتێك دوژمن شکاوە شێخ مەحموود نەیهێشتووە جەنگاوەرانی کورد بەدوایاندا پرۆن دەنا (وەك باڵی مەل لاشەی لێ بەجێ دەما)، کە باڵی مەل لێرەدا خوازەی بەرەڵای پەیوەندی گشتییە، ناوی گشت (باڵ) هاتووە و مەبەست لە بەشێکە (پەڕی باڵ)ە و زۆر کوشتن دەگەیەنیت. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ گێرانەوەی پەراوە مێژووییەکانی ئەو رووداوەدا (مەعروف، 2023 ، ل 68).

شاعیر لە هەردوو دێری (23-24)دا، باس لەو کەسانە دەکات، کە لە دەوروبەری بێگانەو دوژمناندان و بەلایەوە خەڵکانێکی ناتەواون لەرووی مرۆڤایەتییەوە، چونکە راستییەکان نابینن و دەیشارنەوە، ئەم بیرەی ئاوێتە بە دیمەنەکانی شەڕەکە دەکات و پێیوایە رەنگە تەپوتۆزی شەڕەکە وایکردبێ چاویان زیادە گۆشتی دەرکردبێت ، بەلای حەمدییەوە پیاوی ژێر نایێتە داردەستی دوژمن. بۆیە بەوپەڕی شانازییەوە دەڵێت: کورد بەم شەڕە کە یەك نەخت

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

هیممەتی تێدا کرد ، توانی ناوی خۆی بخاتە مێژووەوە، بێگومان ئەمەش وەك هەندێ لە مێژوونووسان باسیان کردووە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە . (باوەڕ، 1984، ل 12)

لەدێڕی (26)دا زۆر بەوردی باس لە زیانە گیانییەکانی هەردوولا دەکات، وەك ئامادەکاری بۆکۆتایی باسەکە، بەهێنانی گوزارشتی ( یەك بە دە ) دەمانباتەوە سەر ئەو ژمارەیەی لە هەردوولا کوژراون و پێشتر وتمان ، کە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان (16) جەنگاوەری کورد شەهیدبوون و لە بەرامبەردا زیاتر لە (150) سەربازی دوژمن کوژراون، لێرەدا لەلایەك پەیامی سەرکەوتن رادەگەیەنێت و لەلایەکی تریشەوە رەشبینانە لە چارەنووسی کێشەی گەلی کورد دەڕوانێت و پێیوایە چارەسەرکردنی ئەستەمە، ئەم باوەڕەی شاعیر وەك زۆرێك لە تێڕوانینەکانی تری لە ژیری و خوێندنەوەی وردەوە سەرچاوەی گرتووە ، مانەوەی کێشەی کورد بە چارەسەرنەکراوی تا ئێستا بەڵگەیە لەسەر دروستی بۆچوونەکەی .

ئەمەش تایبەتمەندی شاعیری هوشیارە، کە رووداوەکان وەك رابردوویەکی وشك نابینێت ، بەڵکو ئاییندەیان لەسەر بنیات دەنێت، بۆیە حەمدی لە چامەکەیدا چەند وێستگەیەکی شەڕەکەی وێنەگرتووە، بەڵام ئاوڕی لە دوای دیمەنی شەڕەکە نەداوەتەوە، کە خۆی لە کشانەوەی شێخ مەحموود و هێزەکەی لە گوندی ئاوباریك دەبینێتەوە، لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەو راستییە مێژووییە بدەین" شێخ مەحموود دوای ئەوەی بێ ئومێدبوولە پشتیوانی خەڵکی پشدەر، بۆ ئەوەی بەرەیەکی تری شەڕ دژی حکومەتی عێراق بکەنەوە ناچار بوو لە 21-4-1931 لە سنوور بپەڕێتەوە بۆ ئێران " (صابر، 2006، ل188).بۆیە بە دووری نازانین دێڕی (27) هەمی چامەکە پەیوەست بێت بەم پێشهاتە تاڵەوە ، بۆیە داوا دەکات کوردەکان یەکگرتوو بن و پشتیوانی یەکبن وناڕاستەوخۆ ئەو ئایەتەی سورەتی (ئالی عیمرانمان) بیردەخاتەوە، کە دەفەرمووێت "وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا " .

لەبەر رۆشنایی ئەو لێکدانەوانەی خستمانەڕوو، دەگەینە ئەو راستییەی ، کە حەمدی بەوپەڕی ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ زانیارییەکانی بەردەستی لەسەر ئەو شەڕەدا کردووەو شاعیرانە و کوردانە سوودی لێوەرگرتوون، بێگومان نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە هەر رووداوێك روودەدات بەتایبەتی داستانێکی وەك شەڕی ئاوباریك ئەستەمە هەموو راستیی و وردەکارییەکانی وەك خۆی بگاتە دەستی مێژوونوسان و تۆماربکرێن ، بۆیە بەلامانەوە ئاساییە کە شاعیریش لە پیشاندانی هەندێ گۆشە وزانیارییدا ورد نەبوویێت یان نەیویستبێت ورد ببێت، چونکە دواجار شیعر جیهانێکی تایبەتترو ئازادترەو ئەرکی شاعیریش لە مێژوونووس جودایە .

ئەنجام

1. شیعرو و مێژوو وەك دوو کایەی رۆشنبیری گرنگ ، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، هەردووك سوود لەیەکتر وەردەگرن و تایبەتمەندی خۆشیان دەپارێزن ، چامەی (شەڕی ئاوباریك)ی حەمدی ساحێبقران ، کە داستانی شەڕی ئاوباریکی شێخ مەحموودی حەفید دەگێڕێتەوە، بەرجەستەکەری ئەو راستییە رەخنەییەیە .

2. شەڕی ئاوباریك ، یەکێکە لەو رووداوە نەتەوەییانەی، کە لەنێو شیعری کوردی هەموو سەردەمەکاندا رەنگیداوەتەوە، ئەمەش بۆ گەورەیی کارێزمای سەرکردەکەی و زەمینەو گیانی بەرگری جەنگاوەرەکانی کوردو هۆکارو ئەنجامەکانی شەڕەکە دەگەڕێتەوە .

3. حەمدی بە وردی ئاگاداری هەنگاوەکانی ئامادەکاری بۆ راپەڕینی ساڵی 1930-1931 و دواتریش وردەکارییەکانی شەڕی ئاوباریك بووەو زۆر هونەرمەندانە کردوونی بە کەرەستەی

داهێنانی شیعری ، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی بەپێی (پێویستی و شیمانە) باس لە ڕووداوەکە بکات، واتا نەتەواو بێتە دەستەمۆی تۆمارە مێژووییەکان و نە بەتەواوی لێیان دوور بکەوێتەوە .

4. سۆزو زمان و ئەندێشەی شاعیر لە دەقەکەدا گەیشتووەتە ترۆپك، هەربۆیە کۆمەڵێك وێنەی شیعری داهێنراویان بەرهەمهێناوە، بەمەش چامەکە لەڕووی وێنەگرتنی هونەریشەوە دەڕواتە ریزی شاکارە گەورەکانی شیعری بەرگری کوردییەوە .

سەرچاوەکان

_ قورئانی پیرۆز

یەکەم : سەرچاوەی کوردی

أ. کتێب :

1. ئەرەستۆ، 2004، هونەری شیعر، وەرگێرانی: عەزیز گەردی ، چاپخانەی گەنج، سلیمانی .

2. ئەسەسەرد، فەرید، 2010، ئامادەکردنی : سەردار محەمەدو هۆشیار محدامین، ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان1914-2005، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان سلێمانی.

3. بەرزنجی، عومەر مەعروف، 2006، نوربەخشی: شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.

4. بێکەس ، شێرکۆ ،2013، ئافات ، چاپی یەکەم ، انتشارات اریوحان ، تهاران . .

5. حەسەن، د. مەولوود ئیبراهیم ، 2007، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.

6. خەزنەدار، د. مارف، 2010، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

7. دیلان، محەمەد ساڵەح ، ئامادەکردنی: د. عەبدوڵلا ئاگرین " چاپی دووەم ، 2013، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر .

8. ساڵح، پ.ی.د. ئاوارە کەمال ، 2023، نۆستالژیاو مێژوو لەرۆماندا، چاپی یەکەم " چاپخانەی هێڤی ، هەولێر .

9. سەجادی، عەلائەدین ،2005، شۆرشەکانی کورد وە کوردو کۆماری عێراق، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئەتڵەس ، تاران .

10. صاحبقران، دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ، 1957، لەسەر ئەرکی نامەخانەی گەلاوێژ لە چاپدراوە، چاپی یەکەم، سلێمانی .

11. عەبدوڵلا، د. نەجاتی (وەرگێران)، 2006، شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا 1919-1934 ، بنکەی ژین، سلێمانی .

12. عەلی، د. عوسمان،2010، وەرگێرانی: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێ نوێ، لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی ژمارە (8).

13. محمد، محمود احمد، 1989 ، بەشێك لەدیوانی ئەورەحمان بەگی بابان، چاپخانەی زەمان، بەغدا.

14. مەعروف، کەمال نوری، 2023،ڕاپەڕینی بەردەرکی سەراو داستانی ئاوباریك، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران ، تاران .

15. مەولوود، د. عەبدوڵڵا خدر، 2004، لێكۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی،چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
16. موكری، دیوانی كامەران، 2011، سەرپەرشتیكردنی: حسێن بەفرین، چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .
17. نەریمان، مستەفا،2025 ، دیوانی مینە جاف، د. حەسەن جاف پێشەكی بۆ نووسیوە ، چاپی دووەم، چاپخانەی مسار .
18. هەژار ، 1385هـ ، بۆ كوردستان ، چاپی شەشەم ، بلاوگەی هەژار ، سنە. .
19. هەلاج، ساڵەح ، 2013، مێژووی شیعرو شاعیرانی گەرمیان، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی .

ب. گۆڤارەكان :
20 . باوەڕ، ئەحمەد، 1994، شەڕی ئاوباریك و ستراتیجیەتی بریتانیای گەورە لە كوردستاندا، گۆڤاری كاروان، ژمارە 12، هەولێر.
21 . خەیات، كاروان عوسمان، 2026، شەڕی ئاوباریك لە دەستنووسێكی مستەفا بەگی كەریم بەگی جافدا، گۆڤاری خاڵ،ژمارە(51)، رێكخراوی خاڵ بۆ هزرو رۆشنبیری بەسپۆنسەری سەنتەری زەهاوی لێكۆڵینەوەی فیكری دەریدەكات.

دووەم : سەرچاوەی عەرەبی
أ.الكتب :
22. ارسطوطاليس ، 1953 ، ت: د. عبدالرحمن بدوي، مطبعة النهضة المصرية، القاهرة .
23. زايد، د. علي عشري ، 1997، استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر ، الطبعة الاولى ، دار الفكر العربي ، القاهرة .
24. صابر، د. سروه اسعد، 2006، كوردستان الجنوبية 1926-1939 ، الطبعة الاولى، مطبعة حمدي، السليمانية .
ب. المجلات :
25. قاسم ، د. قاسم عبده، 1983 ، الشعرو التاريخ ، مجلة فصول ، 1-3-1983 .
ج. الجرائد:
26. الكعبي ، د. عبدالحكيم ، 2022، الادب والتاريخ _ مقاربة منهجية ، صحيفة القبس ، 12-3-2022.